# سێوریژ

ئیدریس عەلی



باران لە درزی هەورەکانەوە سەرەتاتکێ دەکەن
لەناکاو دائەکەنە  پڕمەی بارین..
سێو رێژ بەچەترێکی سوورەوە دێتەنێو باخ..
گوێ دەگرێت
لەهاژەی وەرینی گەڵا..!
لە خشەخشی بێدەنگی  گیا..لەجرت و فرتی رەشەبا..!
لەچپ و هوڕی درەخت.. لەورتەورتی تەنهایی..!
لەنازو مەکری  هەنار.. لەقوڵپە قوڵپی جۆگەلە..!
لە حیلکە حیلکی شەونم.. لە لێزمەی داکردنی چاوەڕوانی..!
سێوریژ بەژێر باراندا رێدەکات
لەسەر خاکی تەڕی دڵنیایی هەڵدەخلیسکێ،
بیر دەکاتەوە:
هێندەی دەست بردن بۆ بۆڵێك ترێ.. لەنێو چنگی تاریکیدا..
هێندەی کردنەوەی پە نجەرەیەك لە " با"
کاتێ بەغرورەوە خۆی دەکات بە ژووردا و
پەڕە پەڕە خەیاڵی باخ دەشێوێنێ،
هێندەی فەرموو کردن لە چۆلەکەیەکی پەڕوباڵ ئارەقاوی
کە بەنیازە خۆی لە سەوزایی درەختەکان هەڵکێشێ..
هێندەی دووری ئەستێرەیەك
کە لەباوێشکی بەیانییەکی بەهاردا
دەتکێتە چاوی منالێکی نەخۆشەوە،
هێندەی داکرماندنی نوقلێکی ترش
کە زاری غەریبێك پڕ دەکات لە ئاوی ئومێد..
هێندەی تەوقەکردنێکی  هاکەزایی
کەئێواران لەگەڵ چایچیەکی قسە  شیریندا دەیکات..
هێندەی  پێکردنی جگەرەیەك
بەلێوی  پیاوێکی ئیختیارەوە..
هێندەی ماچکردنی لێوی عیشق

بەدزی ترسو شەرمەوە..!
سێو ریێژ بیر دەکاتەوە..و دێتەوە یادی:
سەرەتای رووبار.. زنەیەك بوو بزێو،
رۆژگارێك دارستان نەمامێ بوو عازەب..
ژیان چیرۆكێك بوو كورتو پوخت..
مردن مەتەڵێك بوو ساناو ساكار،
دەزانێ سەرەتای باخچە
ئینجانەیەك بوو پڕ لەتۆوی عەیار..
ئاسمان هەتا ئەوپەڕی ئاسمان... هەر ئاسمان بوو..!
بیری دێت.. سێورێژ بیری دێت
یەكەم دلۆپە رەنگی شیعر لەكوێ پژا،
یەكەم بزیسكی عیشق كێی سوتاند،
ترپەی یەكەمین دڵۆپە باران
دڵی چ موسافیرێكی غەمباری داخورپاند،
تورە بوونی یەكەمین خودا
چ نەفرەتێكی لە رۆحی ئینسانا چاند..!
سێو رێژ دە پرسێ:
كێ.. دەستی نزای هەتا لای سێو هەڵبڕی؟
كێ.. دووعای رەشی لە لەگوڵەكان كرد كرد؟
كێ.. ویستی تادواین وێسگەی سەفەر
مناڵیەبزێوەكانی سەرشانی دانەگرێت؟
سێو رێژ بەدەم رەنگكردنی درەختەكانەوە
بەدەم ئاورشێن كردنی بەردەرگای خەیاڵەوە
دەڵێت:
كێ بوو .. كێ بوو
لێوی گێلاسی بەبزەی شەڕ سور كرد ؟
كێ لاولاوی گریانی فێركرد
هێور هێور بە پە نجەرەی چاوەڕوانیا هەڵزنێ ؟
كێ ئینجانەكانی شەوێی پڕكرد لەگوڵی ترس ؟
كێ زەمبیلەی وەرزەكانی پڕكرد لە تۆفان ؟
كێ گیرفانی دارستانەكانی پڕ كرد لەخەزان ؟
كێ پە نجەرەی پرسیاری بەبرووسكە دابێژا ؟

کێ دەستی تەزیوی منداڵیی خستە ژێر چەناگەی گەرمی پیرییەوە ؟
کێ گۆرانیەکانی لەگەرووی پاساریدا زیندان کرد ؟
کێ فلوتە غەمگینەکەی بەلێوی "با" وە فریودا
تا ئیتر گریان نەژەنێ .. تاچیتر عەشق لێنەدا ؟
کێ مردنی هاندا سەرسوچی کوڵا نمان لێبگرێت ؟
کێ مێرولەی فێرکرد خوبدەنە شیلەی شیعر؟
سێورێژ سەرهەڵدەبڕێت بۆ دوور دەنوارێ
ڕەوێك پەپولەدەبینێ بەسەرشانی چلێکەوە
فیکلانکۆ ئەکەن بۆ فڕین،
تەماشا ی پۆلێ کۆتر دەکات بەئاسمانەوە
جۆجۆ ئەکەن لەگەڵ مردنا..!
سێو رێژ
پرسیاری عەشق دەکات لە گەواڵە هەورێکی ئەسمەر
کەلە مەچەکی چەپیا
وێنەی دڵێکی کون کونی بەباران کوتاوە،
کە بەهەڵمی هەناسەکانی خودا لەسەر دەرگای باخ
نووسیویەتی:
ئاه.. سێو رێژ چ گوناهێك رۆ دەکەیت..!
ئۆۆی.. سێو رێژ چ غەدرێك
بەناوی گوڵەوە دەچێنیت ؟
سێورێژ.. لەژێر سێبەری فێنکی نائومێدیدا رادەکشێ
بیردەکاتەوە لەخەمی ترێ.. لەمەکری هەنار..!
لەبەر خۆیەوە ئایەتێك دەخوێنێ روون و رەوان،
دەست لەسەر دڵی دەنێ و
سوپاسی منداڵێك دەکا کە پێی دەڵێ:
وای... سێو رێژ گوێ لەتەقینەوەی ناکاوی هەنارەکان بگرە ..!
سێورێژ
لادەداتە ژێر کەپرێکی مێو
کاسەیەك لەئاوی بەرسیلە دەگرێ
حەوشەی گەوەرەی چاوەڕوانی فێنك دەکاتەوە بۆ ئێوارانی پیرێتی ..
قۆخێك هەڵدەگرێتەوە لەبن جۆگەلەی خەونێکدا
دەیداتە کەروێشکێك

کە بەددەم فیکە کێشانەوە بەلایدا فرتە دەکا،
ئیتر هەستدەکا وەك چۆلەکەیەك سەخییە،
ماخۆلانیەتی وەك سمۆرەیەکی دارەوان..
دڵشادە وەك سێبەری دیوارێك
کە هاوینان لەژێریدا
پێکەوە خۆی و تەنهایی لەسەر شان لێی رادەکشێن،
ئیتر پێکەوە.. گوێ لەخەیاڵی یەکتر دەگرن
پێکەوە.. بۆن بەخەونی یەکترەوە دەکەن و
بیر لەهەتاو دەکەنەوە
کەجار جار دێت و
سەرو پەرداخ تیشکیان بەش دەدات !
دەست رایەڵ دەکات بۆ شەمامەیەك
پڕی چنگی دەبێت لەبۆن ..
زەرنەقوتەیەك دەبینێ حەزین
سێبەری شۆرەبیەکی راخستووە بۆ نوێژی نیوەرۆ...!
سێو رێژ بەتولەرێیەکدا دێتەوە
ئاشنا بەرۆحی گژو گیا ،
لەو ناوەدا بۆنی فڕینی خۆزگە دەکات ..
خشە خشی ئارەزوو دەبیستێ ..
کۆتر دەبینێ
دەنوکی سور بووە لە مەمکی شاتودا،
هاژەی ئاوی رەنگاو رەنگ دەبیستێ..
خاکی تەڕی دڵنیایی بۆن دەکا..
نمە شەونمی شەرمن و تکاو
جریوەی رژاوی چۆلەکە دەچنێتەوە..
پیاوێك دەبینێ تائەژنۆی غەرق بووە لەناو رێحانەدا..
ژنێك دەبینێ گیرفانەکانی پڕن لە ئەستێرەو نەسیم..
مناڵێك دەناسێتەوە
مناڵی تەڕی نێو خەونەکانی باخ
خەریکی رەسمکردنی هەرمێیەکە لەحەوزێکدا.
سێو رێژ سلاویان لێدەکات
دێتەوە یادی

جاروبار لەو حەوزەدا وێنەی مانگی دیوە لەسێو چووە..

جاروبار پۆرترێتی بارانی دیوە بەدیواری رەنگەوە

جاروبار دەنگێکی بیستووە لەقولایی ناو تەمەوە

بانگی کردووە:

هێی " سێو رێژ" چ غەدرێك بەناوی گوڵەوە دەچێنیت؟

ئۆۆۆی... سێورێژ چ تاوانێك لەدەشتی بەراوی

خەیاڵدا دەچێنیت ؟